**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**
**ژمارە ٨٨٤١ لە ٢٠١٥/١٠/٦**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (پانزەهەم) لە یاسای پاراستن و پێشخستنی بەرهەمی کشتوکاڵی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ ئەم پلان وکارنامەیە بۆبەرهەمهێنانی گۆشتی مریشك لەهەرێمی کوردستان ڕادەگەیەنین:

**ڕێنمای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٥**

**تایبەت بەبەرهەمهێنانی گۆشتی مریشك لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

١- ماوەی بەخێوکردنی مریشك لە پرۆژەکانی مریشکی گۆشتی لە نێوان ٣٨-٤٢ ڕۆژ دەبێت کە تێکڕای کێشی مریشکەکان زیاتر نەبێت لە (٢) کگم تاوەکو (٢،٨) کگم بە زیندوویی و (١،٤) کگم تاوەکو(٢) کگم بە پاککراوەیی ، ولە پێناو پاراستنی تەندروستی گشتی و کەمکردنەوەی تێچووی بەرهەمهێنانی گۆشتی مریشك ، وەزارەت ساڵانە چاوخشاندنەوە بەم کێشانەدا دەکات.

٢- سەرجەم سەربڕینخانەکان پابەند دەکرێن بەو کێشانەی لە بڕگەی (١) داهاتووە لەمەودوا مریشکی فرێش دەخرێتە بازار لەلایەن سەربڕینخانەکان شان بەشانی مریشکی بەستوو.

٣- لەسەر خاوەن پرۆژەکان پێویستە پابەند بن بە ماوەی دیاریکراو بۆ ڕاگرتنی پێدانی دەرمان بە مریشکەکان پێش بە بازاڕکردن بە ماوەی (٧) ڕۆژ.

٤- ئەرکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوە بەپێی هەبوونی بودجەی پاڵپشتی کشتوکاڵی میکانیزمی بە بازاڕکردنی گۆشتی مریشکی کێڵگەکانی خۆماڵی مسۆگەر بکات و بازاڕ بۆ گۆشتی مریشکی سەربڕاو لە سەربڕینخانەکان بدۆزێتەوە بەو مەرجەی کێشی مریشکەکان بە پێی بڕگەی (١)ی ئەم بەیانە بێت.

٥- چەند لیژنەیەك بەپێی پێویست لە بەڕێوەبەرایەتی ڤێتێرنێری پارێزگا بۆپشکنینی پرۆژەکانی مریشکی گۆشتی پێش سەربڕین وبە بازاڕکردن پێکدێت و ئەم لیژنانە ڕێگا بە بازاڕکردنیان دەدەن دوای ئەوەی پشتگیری دەکەن کە مریشکەکان سەلامەتن لە نەخۆشی و شیاون بۆ خواردن

٦- سەرپەرشتیارانی هونەری و ڤێتێرنێری پرۆژەکان بەر پرسن لە چاودێری کردنی پرۆژەکان و پشتگیری کردنی مریشکەکان لە شیاو بوون بۆ بە بازاڕکردن.

٧- لەکاتی ڕێگەدان بە هاوردەی مریشکی بەستوو بۆ هەرێمی کوردستان مەرجە کێشی مریشکەکان بە پێی بڕگەی (١) ی ئەم ڕێنماییە بێت.

٨- هەر خاوەن پرۆژەیەك یان  سەرپرینخانەیەك سەرپێچی ئەم ڕێنماییە بكات بیٚ بەشدەكرێت لە پاڵپشتییەكانی وەزارەت و بە پێی حوكمەكانی ماددەی (٩) لە یاسای پاراستن و پێشخستنی بەرهەمی كشتوكاڵی ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٠٨ سزا دەدرێت .

٩- لە پێناو تەندروستیی گشتی هاوڵاتییانی هەرێمی كوردستان ، سەنتەرەكانی ڕێنمایی كشتوكاڵی و بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن لە وەزارەت و فەرمانگە پەیوەندیدارەكان بەردەوام دەبن لە هۆشیاركردنەوەی هاوڵاتییان و خاوەن پرۆژەكان بۆ پابەندبوون بە كێشی مریشك وەك لەم ڕێنماییەدا هاتووە.

١٠- بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنێری وبەڕێوەبەرایەتی گشتی كشتوكاڵ و بەڕێوەبەرایەتی ڤێتێرنێری لە پارێزگاكان و ئیدارە سەربەخۆكان بەرپرسن لە جێبەجێكردن و بە دواداچوونی ناوەڕۆكی ئەم ڕێنماییە.

١١- كار بەم ڕێنماییە دەكرێت لە دوای ( ٣٠ ) ڕۆژ لە ڕێكەوتی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی كوردستان ) .

**عبدالستار مجید**
**وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو**